# شین. پەرتەو

نووسینی ئازاد کەریمی




شین پەرتەو نازناوی خوالێخۆشبوو عەلی شیرازپور پەرتەو، کوردۆلۆگ و وێژەوان ی کوردە وا لە کەنگەوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

٢٢ی دێسەمبەری ١٩٠٧ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٩٧ لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا لە تاران کۆچی دوایی کردووە.

شین پەرتەو سەرکۆنسوڵی ئێران لە بەغدا و هەروەها باڵیۆزی ئێران لە هێندستانی بریتانیادا بووە لە سەردەمی ئەحمەد شا و ڕەزاشا.

لە بواری ڕۆمان و چیرۆکی منداڵان و فەلسەفەدا کتێبی زۆرە و پازدە چیرۆکی بە ڕۆمان بڵاو کردوەتەوە...

شین پەرتەو ڕەفیقی سادق هیدایەت ڕۆماننوسی بەناوبانگی ئێران بووە و ئەو کاتەی وا باڵیۆز بوو لە هێندستان هەموو جۆرە یارمەتی جەنابی هێدایەتی داوە بەڵام دواتر وازی لە دۆستایەتی هێدایەت هێنا لەبەر ئەوەی دنیای تێڕوانینیان جیاواز بووە.

ڕۆحی شاد